# ژیانی منالان تراژیدیایەکی بەردەوامە

**هیدایەت مەلا عەلی**
hidayat_malaali@yahoo.com

منالان ئەو ئینسانە بچووکانەن کە پێوویستە ژیانێکی ئارام و سادەو دوور لە چەوساندنەوەو ترساندیان بۆ فەراهەم بکرێت ، ژیانی منالان دەبێت ژیانێک بێت تەنها بیرلەوە بکرێتەوە کە وەک مندال گەورە بکرێن و هیچ ئاستەنگێک نەخرێتە بەردەم گەشەکردنیان لەڕووی جەستە و فێربوون و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ژیانی منالان خۆیانەوە ، منالان ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵگان کە دەبێت گەورەکان ژیانێکی ئینسانی و منالانەی هاوشێوە لەگەڵ ، ئاستی بیرکردنەوەو تەمەنیان بۆ مسوگەر بکەن و زەمینەیەکی گونجاویان بۆ بخولقێنن ، تا وەک منال گەورەببن و دووربن لە فەرزکردنی هەر جۆرە بەرژەوەندیەک کە منالان لێیتێناگەن و نازانن بۆ بەوشێوەیە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرێت ، ئەگەر ئەمڕۆ بەچاوێکی منالدۆستانەوە سەیری ژیانی پڕ لەمەرگ و تراژیدیاو چەوسێنەرانەی منالان بکەیت لە سەراسەری دنیادا ، بۆت دەردەکەوێت کە منالان چ سووتەمەنیەکی دەستەمۆی دەسەلات و بێڕەحمی یاساو چاوچنۆکی سەرمایەدارانن ، ڕووداوە مەترسیدارەکانی دنیای ئەمڕۆ منالان و مافەکانیانی خستۆتە پەراوێزەوەو ، قسەیەک لەسەر ئەوە نییە کە ئەم ئینسانە بچووکانە هیچ دەخالەتێکیان نییە لە هەڵبژاردنی واقیعێک کە تێیدا دەژین ، ڕووداوی مەترسیدار لەژیانی منالاندا هەمەلایەنەیەو بەتەواوەتی پانتای ژیانی کۆمەلایەتی داگیرکردوون و ، هیچ بوارێکی نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوەی منالیش وەک هەرشتێکی تر نەبنە کالاو کڕین و فرۆشتن بە ژیان و جەستەیانەوە نەکرێت ، قسەکردن لەسەر بێمافی منالان و چەوساندنەوەیان ئەوەندە زۆرە تەنانەت ناتوانرێت بەخەیالیش هەمووی بەسەر بکرێتەوە ، هەر کەسەیری کەنالێکی تەلەفزیۆنی ئەکەیت یاخود بلاوکراوەیەک دەخوێنیتەوە یان سەردانی سایتێکی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەکەیت ، سەرتاپای هەوالەکان لەسەر منالان ئەتهەژێنێت و دنیایەکی تەواو پێچەوانەت پیشان دەدات ، دنیایەک زۆر دوورە لە دنیای ڕەنگالەی بیر و حەز و ئارەزوەکانی منالان ، کاتیک هەوالەکان سەیردەکەی یان دەیانخوێنیتەوە هەمووی پێناسەی منالە لە نێو جەنگ و کار و ئیغتساب و نەخۆشیدا ، منالان تێکڕا سووتەمەنی حاکمیەتی دەسەلاتێکن کە منال وەک ئینسان سەیر ناکات و ئامادەنییە بەشێک لەداهاتی کۆمەلگا کەدەستی بەسەرا گرتووە بۆ خزمەتی منالن و خەوە وەنەوشەیەکانیان خەرجی بکات ، نەک هەر ئەمە ئەمڕۆ منالان بونەتە ئەو بوونەوەرەی تەنها حیساب لەسەر کێش و تەمەن و هێزیان دەکرێت بۆ ئەوەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت ، هەندێک نموونە دەتوانێت ئەم واقیعە زیاتر ڕۆشن بکاتەوە ، ( بارام ) منالێکی ( 14 ) سالانەو لە بەکرەجۆ ئەژی بۆ دابین کردنی ژیانی خێزانە هەژارەکەیان مەجبورە کرێکاری بکات ، ڕۆژێک لە کاتی کاردا ئەو دیوارەی بڕیاربوو بیڕوخێنێت ئەکەوێت بەسەریداو لە ئەنجامدا قاچێکی ئەقرتێت ، ( بارام ) قاچی خۆی لێزیاد نەبوو بەلکو نەبوونی و دەست کورتی خێزانەکەی و باخەلی قولی دەسەلاتداران ئەم ڕۆژەی بۆ هێنایە پێشەوە ، بەپێی ڕیپۆرتاژێک کە لە ژمارە ( 4196 )ی (کوردوستانی نویٚ)دا بلاوبۆتەوە تەنها لە کەرکوک و بەغداد نزیکەی ( 1450 ) منالی بێسەرپەرشت دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر ، لە( مەقادیشۆ ) ی پایتەختی ( صۆمال) سەدان منال تووشی نەخۆشی کۆلێرابوون و ئاوی پاکیان دەست ناکەوێت بۆ خواردنەوە ، لە ئەرژەنتین منالێکی (11) سال کەناوی ( لۆریانۆ لیدونیا)یە بەهۆی ئەوەی یاریزانێکی باشە یانە ناودارو دەولەمەندەکانی (ئیسپانیا) خەریکن شەڕ دەکەن لەسەر ئەوەی کە کامیان بتوانن گرێبەستی لەگەل بکەن ، زۆر سەیرە بۆیەکەم جارە لەدنیا لەسەر منال شەڕ بکرێت ، بەلام ئەم شەڕە بۆ مافەکانی منال و بەرگری کردن نییە خواستەکانیان ، بەلکو بۆ ئەو ئومێدەیە کە سەرمایەدارەکانی نێوەندی وەرزش هەیانە ،

به قازانج کردن لەپشتی ئەو منالەی کە نازانێت سبەینێ چارەنووسی چۆن دیاری دەکرێت ، لە( دانیمارک) باوکێک کاری لەش فرۆشی دەکات بە کیژۆڵە (10) ساڵانەکەی ئەم کارە دژی ئینسانی و دژی منالانەیە ئەوەندەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کەمناڵ کەم هێزو توانایەو ئاسان ئیستیغلال دەکرێت کەمتر پەیوەندی بەبوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتی خێزانێکەوە هەیە ، ئەمانە دلۆپێک ئاون لە دەریای پڕ لەتاوان و چەوساندنەوەی منالان ، بەڕەئی من ڕادەی ئینسانی بوونی هەر کۆمەلگایەک پەیوەستە بەوەی کە منالان چەندە بەهرەمەندن لە ژیانیکی منالانەو ئارام و ئاسودەو دور لە چەوساندنەوە ، با هەمووومان شەریکبین لە دروست کردنی ئەو ژیانە بۆ منالان